The MillionOaks Project
پرۆژەی ملیۆن بەڕوو

هەواڵ نامە

چارێکی یەکەمی ساڵی 2023 (لە کانونی یەکەم تاوەکو کۆتایی ئازار)

هەواڵنامەی فەرمی پرۆژەی چاندنی "ملیۆن بەڕوو" www.millionoaks.org info@millionoaks.org

دوایین هەواڵ

پرۆژەی ملیۆن بەڕوو بەرەوپێشچوونێکی زۆری بەخۆیەوە بینی لە چارێکی یەکەمی 2023دا، سوپاس بۆ سپۆنسەری پرۆژە، کۆمپانیای شاماران، هەروەها خۆبەخشەکانمان کە هۆکاری ئەم بەرەوپێشچوونەبوونە. بەشێک لە پێشکەوتنەکان لەم ژمارانەی خوارەوە ببینە:

-بەگشتی 185000 دار لە ڕێگەی چاندنی ڕاستەوخۆ بە چاندنی تۆی بەڕوو چێنراون، سودمەندبوونە لە وەرزی باران، دەستیان بە گەشە کردووە.

-لە چارێکی یەکەمدا 40000 شەتڵ چێنراون لەوانە 28000 شەتڵی داری بەڕوون و 7000 شەتڵی داری بەژن بەرز و گەشەی خێرا، لە نزیک هەر گروپێکی بەڕوو، دارێکی لەم جۆرە چێندراوە.

-لە هەستەوەرەکانی شێی خاک دەرکەوتووە کە شێوازی ئامادەکردنی زەوی سەرکەوتووبووە، بووە هۆی ئەوەی زۆرترین ئاو گلبدرێتەوە بۆ ناووەوەی زەوی.

بەڵام ئەمە هەموو شتێک نیە! تیمی پرۆژەکە ڕێوشوێنی گرتۆتەبەر بۆ پاراستنی درەختە چاندکراوەکان لە ئاگر و ئاژەڵە لەوانەکراوەکان بە پەرژینکردنی بەشێک لە ناوچەکە. هەروەها یونسێف هاوکاریان کردووە بۆ ئامادەکردنی سیستەمی دووبارە بەکارهێنانەوەی ئاوی پاشەڕۆی بۆ داپێنکردنی 250 مەتر سێجا لە ئاو ڕۆژێکدا. کاریگەری پرۆژەکە ڕوون و ئاشکرایە: خاکێکی زۆر چاندنی بۆ کراوە، وەکو لەم نەخشەیەی خوارەوە دەبینن. بەشێکی زۆر لە شەقامی 120 مەتری لە ئێستادا سودمەندبووە لە ملیۆن بەڕوو. پرۆژەکە بەردەوامە لە پێشوەچوون، تەنها داری بەڕوو نەچێندراوە. بەڵکو داری گەشەی خێراش لەپاڵ داربەڕووەکان چێندراوە بۆ دروستکردنی سێبەر و پەناگە بۆ دارستانە نوێیەکە. هەروەها داری هەمەچەشنی خۆماڵیش بە ڕێژە لاوەکیەکە لەناو دارستانەکە چێندراوە.

ڕەگەکەمان چووەتە قوڵایی خاکەوە

ئەندامێکی تیمی پرۆژەکە کە دار بەڕووەکی هەڵگرتووە لەگەڵ بەشێک لە سیستەمی ڕەگەکەی کە هەڵکۆڵراوە بۆ پێوانی قووڵاییەکەی، بۆ تێگەیشتن لە قووڵایی ڕەگی بەڕووەکان دوای ساڵێک لە گەشە.

شوێنی چاندنەکە 3.9 کم درێژ دەبێتەوە و ڕووبەرەکەی یەکسانە بە 63 یاریگای تۆپی پێ. کە دەکەوێتە نێوان کۆیە و بناسلاوە چوارڕیانەکان لە شەقامی 120م



گەورەترین دەستکەوتەکانی چارەگی یەکەمی 2023

پرۆژەی ملیۆن بەڕوو هەنگاوی گرنگ دەنێت بەرەو ئامانجی ساڵانەی 250 هەزار دار

پرۆژەی ملیۆن بەڕوو سیستەمی دووبارە بەکارهێنانەوەی ئاوی پاشەڕۆی ئامادە کردووە بە هەماهەنگی لەگەڵ یونیسێف بۆ داپێنکردنی 50 مەتر سێجا ئاو لە ڕۆژێکدا. دڵنیابوون لە دەستگەیشتنی بەردەوام بە ئاو بۆ دار بەڕووەکانی پرۆژەکە و هەروەها جۆرەکانیتری دار کە لەگەڵ داربەڕووەکان چێندراون.

بۆ یەکەم جار پرۆژەی ملیۆن بەڕوو درەختی بەرزی چاند بۆ دروستکردنی پەناگە و سێبەر بۆ دار بەڕوو. ئەم دەستپێشخەرییە پارەمەتیدەر دەبێت بۆ گەشەکردنی دار بەڕوو و دروستکردنی سیستەمێکی ژینگەیی تەندروستتر لە ناوچەی چاندن. سەرەڕای ئەوەش، دیمەنێکی سەوز و دڵگیر دەداتە شوێنی چاندن.

نزیکەی سێ کیلۆمەتر لە شوێنی چاندن پەرژینکرا، ئەم پەرژینە یارمەتیدەر دەبێت بۆ کەمکردنەوەی مەترسی ئەو زیانانەی کە بەهۆی لەوانەکردنی ئاژەڵ و ئاگرکەوتنەوە لە وەرزی وشکدا و دڵنیابوون لە ڕزگاربوون و گەشەکردنی درەختە تازە چاندکراوەکان.

پرۆژەی ملیۆن بەڕوو لە چارێکی یەکەمدا زۆر بە سەرکەوتووی بەڕێوەچوو، تیمی پرۆژە هەموو ئامانجە سەرەکییەکانی چارێکی یەکەمی پێشکەش کرد. پلانەکە بە شێوەیەکی تۆکمە جێبەجێکرا. سوپاس بۆ شارەزایی و کاری قورسی تیمی پرۆژەکە.

هەنگاوی داهاتوو: دووەمین وەرزی چاندن و ئاودان

هەسار و یونیسێف هاوبەشی خۆیان بۆ پرۆژەی دووبارە بەکارهێنانەوەی ئاوی پیشتووی ماڵان دووپاتکردەوە بۆ داپینکردنی خواستی ئاودان بۆ پرۆژەی ملیۆن بەڕوو. سەرەڕای ئەو ئاڵنگاریانەی کە ڕووبەڕوومان بوونەتەوە. ئێمە پابەند دەبین بە ئەرکەکەمان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا و دروستکردنی داهاتوویەکی لەباری ژینگەیی. لە چارەگی دووەمدا ئێمە گرنگی دەدەین بە هاوبەشیپێکردنی خۆبەخشان و دڵسۆزانمان بۆ بەشداریکردن لە ئەرکەکانی پرۆژەکەدا. ئێمە هەڵمەتێکی بەخشینی گشتی دەستپێدەکەین بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم کارە. چاودێریکردن و ڕاپۆرتکردنی نەمامە تازە چێنراوەکان لە چارەکی دووەمدا دەبێتە ئاڵنگاریەکی گەورە، چونکە ناوچەی پرۆژەکە فراوان بووە. ئێمە بڕیارمانداوە گەشەی نەمامەکانی ساڵی 2022 مسۆگەر بکەین و بە وریاییەوە نەمامەکانی ساڵی 2023 ئاوبدەین. ئێمە دەمانەوێت بە کردارەکانمان پەیامی خۆڕاگری و ئیرادە بنێرین. ئێمە ڕووبەڕووی ئاستەنگ بووینەوە بەڵام بە پاڵپشتی بەردەوامی ئێوە دەتوانین گۆڕانکارییەکی مانادار دروست بکەین.

پرۆژەی ملیۆن بەڕوو بە پاڵپشتی کۆمپانیای نەوتی شاماران و خۆبەخشە دڵسۆزەکانی، پێشکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە بەرەو ئامانجی چاندنی 250 هەزار نەمام دەڕوات، سەرەڕای هەبوونی ئاستەنگەکان. بەڵام تیمەکە بەردەوامە و ئەویەڕی خۆڕاگری نواندووە. تا ئێستا 225 هەزار نەمامیان چاندووە و ڕێوشوێنی پاراستنیان لە ئاگر و لەوەڕاندنی ئاژەڵان گرتووەتەبەر. پرۆژەی ملیۆن بەڕوو لە ساڵی 2023 زۆرترین سودی لە ئاوی باران بینیوە، گەشەی نەمامە چێندراوەکان بەشێوەیەکی کاریگەر کاردانەوەیان هەبووە لەگەڵ هەر باران بارینێک. لەچارێکی دووەمدا هەموو هەوڵێک دەدرێت کە نەمامەکان ئاویان پێبگات. ئاودان ئەرکێکی سەرەکی دەبێت و جەخت لە پرۆسەی ئاودان دەکرێتە. پرۆژەی ملیۆن بەڕوو بەڵگەیە لەسەر کاریگەری گەورەی کاری پێکەوەییمان بە رەو بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا. ئێمە سوپاسگوزارین بۆ پشتگیری سپۆنسەر و هاوبەش و خۆبەخشەکانمان

پاڵپشتیکردنی دارایی پرۆژەکە بۆ بەردەوامبوون لە چاندن و خزمەتکردن

بە زۆر شێوە دەتوانن بەشداربن لە پاڵپشتی کردنی پرۆژەی ملیۆن بەڕوو بکەن، وەک بەخشین لە ڕێگەی وێبسایتی پرۆژەکەوە یان بوون بە سپونسەر. هەموو جۆرە یارمەتییەک کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لە سەرکەوتنی پرۆژەکە، کە ئامانجی پرۆژەکە دروستکردنی کاریگەری سەرتانسەریە بەسەر شاری هەولێر لەکاتێکدا بەنزیکەیی ڕووبەری پرۆژەکە یەکسانە بە 63 یاریگای تۆپیپێ. بەشدار بە لەگەڵماندا بۆ بەدیهێنانی کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر ژینگە و کۆمەڵگە لە ڕێگەی پرۆژەی ملیۆن بەڕوو.

سوپاس و پێزانین

لە ناخی دڵەوە سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە هەر لە سەرەتای پرۆژەکەوە یارمەتیدەرمان بوون. داپینکردنی زەوی پرۆژەکە لە لەیەن حکومەتەوە بەڕاستی جێگای دەستخۆشی و دڵخۆشی بوو. وە هاوبەشییە ستراتیجییەکەمان لەگەڵ دەزگای ڕوانگە. زۆریش سوپاسگوزاری کۆمپانیای شاماران لە بەرامبەر سپۆنسەرکردنی پرۆژەکە. وە هەروەها کۆمپانیای سوفایتالیش بۆ بەخشینە زێڕینەکانیان. سوپاس بۆ هاوبەشی کردنی یونیسێف لە پرۆژەی داپینکردنی ئاو، **ACUW**، سوپاسی ڕێکخراوی **Search for Common Ground** دەکەین لەبەرامبەر بوون بە سپۆنسەری زێڕینی پرۆژەکە. لە کۆتاییشدا، پشتگیری بەردەوامی ئەندامەکان و خۆبەخشەکان هۆکارێکی گەورەی ئەم سەرکەوتنە بوو.

چۆن دەتوانن پاڵپشتیمان بکەن؟

پرۆژەکە هەر یارمەتییەک کە چەندە بچووکیش بێت زۆر بەرز دەنرخێنێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەی لە دروستکردنی داهاتوویەکی باشتر لە ڕێگەی چاندنی دارەکانەوە دەتوانن بەخشینەکانتان لە ڕێگەی وێبسایتی پرۆژەکەوە ئەنجام بدەن، وە ئەوانەشی حەز دەکەن ببنە سپونسەری پرۆژەکە دەتوانن پەیوەندی بە ئیمێڵەکەمانەوە بکەن بۆ زانیاری زیاتر

Ministry of Municipality and Tourism
HASAR
RWANGA
SHAMARAN
Contributing Sponsor

+964 750 843 8872
www.millionoaks.org
info@millionoaks.org
Iraq, Erbil, Hana City Apartments, 120m